# لە پێناو سەرکەوتنی کۆنفرانسی یەکەمی دەرەوەی وولاتدا ئەبیت هەنگاوەکانمان گەورە بکەیتەوە!

لەپاش تیپەر بوونی سیانزدە سال بەسەر مێژووی حیزبدا، ئیستا لە هەموو کات زیاتر زەمینەی سازکردنی یەکەمین کۆنفرانسی ریکخراوی دەرەوەی وولات هاتۆتە پیش بۆ ئارایشدانەوە بە کارو فەعالیەتەکانی حیزب ، ئەمە بۆخۆی ئەوە ئەگەیەنیت سەرەرای ئەوەی هیزو ئەنرژییەکی کادران و ئەندامانی دەرەوەی وولات لە راستای بردنە پیشەوەی سیاسەتەکانی حیزبدا هەموو کات دەوری بەرچا و نەخشی عەزیمی گیراوە ، بەلام هەر بەدەلیلی ئەوەی کە ئیستازەرورەتی ریکخراو کردنی کارەکانمان و بە حوکمی ئەوەی کە ئیستا عیراقیان کردۆتە مەیدانی کیشمە کیشی شەری کۆنەپەرستان وهەلکیرساندنی جەلگی خویناوی ، ئیتر ئەمە شکل و شیوەو میکانیزمی کارسازی لە کادرانی دەرەوەی وولاتی حیزب ئەوێت، هەر بۆیە ئەگەر نوینەران و ئەندامانی بەشدار بوو لە کۆنفرانسدا لەسەر ئەم خالە هاورا بین ئەوە ئەبیت دەست بەجی بیر لەشیوەیەکی تازە میکانیزمی ئایندەی کار و فەعالیەتی حیزب لەدەرەوەی وولات بکەینەوە و دەست بەجی نەخشەی ئایندە بۆ کارەکانمان دابریژین..

ئیمە لەدەرەوەی وولات شاهیدی ئەوەین کە زۆرجار ئاکسیۆنی سیاسی و دانانی میز کتیب و تا دانانی خانەی حیزب و زۆر کاری چرو پری تر کراوە ، لەوانەشە زۆر جار هەبوو بیت لە جیکایەکدا هەست بە خالەبەهیزو لاوازەکان کرابیت ، هەمیشە لەبەرامبەرکیدابووین و دوژمنانمان وەرس کردوە ، بەلام هیچ کاتیك وەك ئیستا هەست بە زەروورەتی نەوعە تەشکیلەیەکی لەم بابەتە بۆ کاری حیزب لەدەرەوەی ولات نەهاتۆتە ئاراوە ، بۆیە ئەبیت کۆنفرانس بەوتەوەجوهە تەواو بیت پاش ئەوەی دەستەیەك، ریکخراویك بۆ دەرەوەی وولات هەلئەبژیریت ، ئەرکی هەمووکادران و ئەندامانی حیزبە لەدەرەوە یەکدەست کارو سیاسەت و نەحشەکانی حیزب بەرینە پیشەوە، بەیەك بۆچون و یەك ئاسۆی سیاسی هەنگاو بنێین. ئەمەش تەنها ریگای سەرکەوتنمانە.....

ئالا فەرەج

2006-1-14